# ئایا خۆشەویستی هونەرە؟

ئەریک فرۆم
لە فارسییەوە: د. عوسمان یاسین

**تێبینی:**

ئەریک فرۆم (١٩٠٠–١٩٨٠) زانایەکی ئەڵمانی – ئەمەریکییە لە بواری سایکۆلۆژیادا، خاوەنی چەندان کتێبی گرنگە لەم بوارەدا . ئەم نووسینە بەشی یەکەمی کتێبی (هونەری خۆشەویستی) یە، کە تێیدا خۆشەویستی وەک هونەرێک پێناسەدەکات و لەبەشی دووەمی کتێبەکەشدا بە ناوونیشانی (تیۆری خۆشەویستی) خۆشەویستی وەک ڕنگدانەوەی بوونی مرۆڤ سەیر دەکات .

فرۆم هەر لەو کتێبەیدا ڕەخنە لە سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦– ١٩٣٩) دەگرێت، کە زۆر ڕووکەشانە سەیری خۆشەویستی کردووە و گەڕاندوویەتییەوە بۆ پاڵنەری سێکسی. لە شوێنی پێویستدا بە پەراوێز ڕوونکردنەوەم بۆ ئەو وەرگێڕانە داوە، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەم وەرگێڕانە بەشی یەکەمی کتێبەکەیە لە دەقە فارسییەکەی (هنر عشق ورزیدن) لاپەڕەکانی (١٠– ١٧) وەرگێڕدراوە، کە لە وەرگێڕانی (سعدالله علیزاده)یە، لە– انتشارات گلشائی، تهران چاپ هفتم، ١٣٦٩، بڵاوکراوەتەوە.

## ئایا خۆشەویستی هونەرە؟

ئایا خۆشەویستی هونەرە؟ ئەگەر پێمان وابێت خۆشەویستی هونەرە، ئەوە پێویستی بە زانین و هەوڵ و کۆشش هەیە، یان ئایا خۆشەویستی هەستێکی چارەنووسسازە و پەیوەستە بە بەختی مرۆڤ و تەنیا ئەو کەسە خۆشبەختە تووشی

خۆشەویستی دەبێت؟ بنەمای ئەم کتێبە لەسەر پرسیاری یەکەم دانراوە، لەکاتێکدا کە هیچ گومانی تێدا نییە ئەمڕۆ زۆربەی خەڵک باوەڕیان بە پرسیاری دووەم هەیە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە خۆشەویستی شتێکی بێ کەڵکە، بە پێچەوانەوە، خەڵک تینووی خۆشەویستین و بەپەرۆشەوە سەیری ئەو فیلمە شادی بەخش و غەمگینە بێ ژمارانە دەکەن کە دەربارەی خۆشەویستین و گوێ بۆ سەدان ئاوازی ناساز و ئاست نزم ڕادەگرن، بەڵام بە زەحمەت کەسێک بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆشەویستیش وەکوو هونەرەکانی دیکە پێویستی بە فێربوون و ناسین هەیە.

ئەو بۆچوونە لەسەر چەند بنچینەیەک دامەزراوە - کە بە تەنیا، یان بەیەکەوە- بۆ ئەوە دەچن کە کێشەی زۆربەی خەڵک لە یەکەم سەرنجدا ئەوەیە کە پێش ئەوەی توانایی خۆشەویستییان هەبێت و خەڵکانی دیکەیان خۆش بوێت، لە خەڵکانی بەرانبەریان وا چاوەڕوان دەکەن کە ئەوانیان خۆش بوێت. لە ئاکامدا کێشەی ئەو کەسانە ئەوەیە کە چۆن خەڵک خۆشیان بوێن و چۆن ببنە بابەتی خۆشەویستی خەڵک، لە پێناو ئەم ئامانجەدا ڕێگای جۆرا و جۆر دەگرنە بەر، ڕێگایەک کە خەڵک بەتایبەتی سوودی لێ وەردەگرن، ئەوەیە کە مرۆڤ لە ئاستی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خۆیدا سەرکەوتوو و بە هێز و دەوڵەمەند بێت. ڕێگایەکی دیکە کە تایبەتە بە ئافرەتان ئەوەیە کە هەوڵ دەدەن سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن بن، ئەویش بەهۆی گرنگیدان بە ئەندامەکانی لەشیان و لەبەرکردنی جلوبەرگی جوان و شتی دیکەش.. ڕێگایەکی دیکەش کە ئافرەت و پیاوانیش سوودی لێ دەبینن و دەیگرنە بەر، ئەویش ئەوەیە کە



**ئەریک فرۆم**

هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕێکوپێکیان هەبێت و سادە و ساکارین و ڕووخۆش و نەرمونیان خۆیان بنوێنن. چەندان ڕێگای دیکەش هەن کە مرۆڤ بۆ خۆشەویستی کردن سوودی لێ وەردەگرن، ئەویش هەمان ئەو ڕێگایانە دەگرنەبەر کە سەرکەوتوو بن (سەرنج ڕاکێش بن و هاوڕێیەتی پەیدا بکەن و کاریگەری لەسەر خەڵک دانێن) (١)

ڕاستییەکەی ئەوەی کە زیاتر خەڵکی شارستانی ئێمە لەمەڕ خۆشەویستی کردن هەستی پێ دەکەن، بنچینەکەی لەوە پێک هاتووە لە نێوان ئەوەی کە مرۆڤ پەسندبێت و لە ڕووی سێکسییەوە سەرنج ڕاکێش بێت.

باوەڕکردن بە پرسیاری دووەم هەندێک هەڵە دەهێنێتە کایەوە کە دەڵێت لە خۆشەویستیدا شتێک نییە بۆ فێربوون و چەندان بەڵگە وا خۆیان دەنوێنن کە کێشەی خۆشەویستی کێشەیەکە پێوەندی بە بابەتی خۆشەویستییەوە هەیە و کێشەیەک نییە پێوەندی بە ئامادەییەوە هەبێت، خەڵک وابیر دەکەنەوە کە خۆشەویستی کارێکی ئاسانە و تەنیا ئەوەندە بەسە کە کەسێکی

گونجاو بدۆزیتەوە و خۆشت بوێت، یان تۆی خۆش بوێت. ئەلبەتە کە وانییە و خۆشەویستی کارێکی وا سادە و ئاسان نییە. ڕاستییەکەی بەڵگەکانی ئەم بۆچوونە هەڵەیە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە، هۆکارێکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە سەدەی بیستەم لە مەڕ هەڵبژاردنی بابەتی خۆشەویستیدا ڕوویان داوە.

## لە سەردەمی ڤیکتۆریادا ڕووی داوە (٢)

هەروەک زۆربەی شارستانییە کۆنەکان، خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی تاکەکەسی نەبووە کە لەئاکامدا بە هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاودا بگات، بەپێچەوانەوە ژن هێنان و شووکردن بە پێی ڕێوڕەسمی ئەو سەردەم، بەرلێک کەوتن لە نێوان خێزانی هەردوو لایەن، یان بەهۆی نێوانکارانەوە دەکرا، یان بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکەوە و تەنیا بەهۆی پێویستی کۆمەڵایەتییەوە دەهاتە کایەوە و دەبووایە خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری بهاتبایە ئاراوە و دروست بووایە. لە ڕابوردوودا لە جیهانی ڕۆژئاوا خۆشەویستی ڕۆمانسییانە لای نەوەیەکی کەم باوبوو.

لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرچەندە هێشتا کە عادەتی کۆن بە تەواوی لە نێو نەچووە، لەبەر ئەوە دەبینرێت خەڵک ڕۆژانە بە دوای خۆشەویستی ڕۆمانسییانەدا دەگەڕێن و دەیانەوێت خۆیان خۆشەویستی خۆیان هەڵبژێرن، ئەوجا ژن و پیاو بەرەو شوکردن و ژنهێنان بچن. ئەم بۆچوونە گشتی و نوێیەی لە مەڕ ئازادی خۆشەویستیدا گرنگییەکی زۆری داوە بە بابەتی خۆشەویست لە بەرانبەر خودی خۆشەویستیدا .

ئەوەی کە پێوەندییەکی نزیکی بەو هۆکارەی سەرەوەدا هەیە، ئەوەیە کە لەم شارستانیەتە نوێیەدا حەزکردن بە کڕین باوە، ئەمە سیمایەکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی شارستانی هاوچەرخ، شارستانی ئێمە لەسەر بنەمای حەزکردن لە کڕین و ئاڵوگۆڕکاریدا دامەزراوە. ئاڵوگۆڕکارییەک کە بۆ هەردوو لا سوودبەخش بێت.

بەختیاری مرۆڤ ئەمڕۆکە لەوەدایە چێژ لەسەیرکردنی کۆگاکان وەربگرێت و هەرچی زیاتر لەو شتومەکانەی ناو کۆگاکان بکڕێت، جا چ بە کاش بێت، یان بە قیست. ژن و پیاو بە هەمان چاو سەیری خەڵک دەکەن، لای پیاو ئافرەتێکی سەرنج ڕاکێش، لای ئافرەت پیاوێکی سەرنج ڕاکێش، ئەمە دەستکەوتێکە هەردووکیان دەیانەوێت و بە دوایدا وێڵن.

هەرچەندە ئەم جۆرە خۆشەویستییە بە سروشتی خۆی بەردەوامی نابێت، دوو کەس ئاشنای یەکتر دەبن، بەشێوەیەکی پەرچووئامێز بەیەکەوە پەیوەست دەبن، بەڵام بەرە بەرە ئەم پێوەندییە پەرچووئامێزەی سەرەتایی کەم دەبێتەوە، دواتر نامینێت. لەنێوان ئەم دوو کەسەدا گرفت دروست دەبێت، پاشان سەرکۆنەی یەکتر دەکەن، ئەوجا ناخۆشی و بێ هیوایی لەیەکتر دێتە کایەوە کە پاشماوەی ئەو کەفوکوڵ و پەرۆشییەی کە لە سەرەتاوە بۆ یەکتر هەیانبووە لە ناو دەبات، هەرچەندە لەسەرەتادا ئەم دوو کەسە ئەم ئاکامەیان پێشبینی نەدەکرد. ڕاستییەکەی ئەمانە توندوتۆڵی پێوەندی خۆشی سەرەتاییان بە بەڵگەی توندوتۆڵی خۆشەویستییان دادەنێن، بەڵام ئەمە تەنیا بەڵگەی تەنیایی پێشوویانە.

ئەو بۆچوونەی پێی وایە هیچ شتێک لە خۆشەویستی ئاسانتر نییە، بیروبۆچوونێکی باوە دەربارەی خۆشەویستی، هەرچەندە بەڵگەکان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن.

هیچ جۆرە کار و چالاکی و هەوڵ و کۆششێکی

گرنگ لە ئارادا نییە وەکوو خۆشەویستی بەو هەموو هیوا و ئومێد و ئارەزووە زۆرەوە دەست پێ بکات، دواتریش بە شکست کۆتایی بێت. ئەگەر ئەم بارودۆخە بەسەر کارەکانی دیکەدا بێت، مرۆڤ بەپەرۆشەوە بە دوای بەڵگەکانی شکستەکەدا دەگەڕێت و ڕێگای باشتر بۆ سەرکەوتن دەدۆزێتەوە، یان بە تەواوی چاوپۆشییان لێ دەکرد. لەبەر ئەوەی لە خۆشەویستیدا گرتنە بەری ڕێگای دووەم مومکین نییە، چونکە مەحاڵە واز لە خۆشەویستی بهێنرێت، کەواتە جگە لە زاڵبوون بەسەر شکستدا، ڕێگای دیکە نییە. ئەویش لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خۆشەویستی و گەڕان بە دوای مانای خۆشەویستی.

هەنگاوی یەکەم کە پێویستە بیگرینەبەر ئەوەیە کە دەبێت لەوە بگەین کە خۆشەویستی هونەرە، هەروەک چۆن ژیان هونەرە.

ئەگەر بمانەوێت فێرببین چۆن خۆشەویستی بکەین، دەبێت هەمان ئەو ڕێگایانە بگرینە بەر کە بۆ فێربوونی هەر هونەرێکی وەکوو مۆسیقا و وێنەکێشان و دارتاشی و پزیشکی و ئەندازیاری...ئاخۆ ئەو هەنگاوە پێویستانە چین کە بۆ فێربوونی هەر هونەرێک دەبێ بگیرێنە بەر؟

پرۆسەی فێربوونی هەر هونەرێک، دابەش دەبێتە سەر دوو بەش: بەشی یەکەم ناسین و زاڵبوون بەسەر تیۆری هونەرەکەیە. بەشی دووەم، زاڵبوون بەسەر لایەنی کرداری، یان پراکتیکی هونەرەکەیە.

ئەگەر بتەوێت فێری هونەری پزیشکی بیت، پێویستە یەکەم جار زانیاری دەربارەی جەستەی مرۆڤ پەیدا بکەی و لێی شارەزابیت و نەخۆشییەکانی مرۆڤ بزانی، ئەوجا کاتێک لە ڕووی تیۆرییەوە پێ دەگەیت، هەرگیز مانای ئەوە نییە کە تۆ تەواو لە بواری پزیشکیدا شارەزای، بەڵکوو پێویستە لایەنی کرداری بۆ ماوەیەکی باش وەگەڕ بخەی تاکوو ببیت بە پزیشک.

کاتێک کە ئاکامی زانیارییەکانی زانستی تیۆری و ئاکامی ڕاهێنان و کار لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن و دەبنە یەک، ئەمە بە بنچینەی زاڵبوون بەسەر هەر هونەرێکدا پێک دەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و لەدەرەوەی زانیاری تیۆری و ڕاهێنان هۆکاری سێیەمیش پێویستە بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی لە هەر هونەرێکدا، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت فێربوونی هەر هونەرێک لای مرۆڤ ئامانجێکی باڵا و بەرز بێت و مرۆڤ هەوڵ و کۆششی بەردەوامی بۆ بدات، ئەوجا ئەم هونەرە هونەری خۆشەویستی، یان هونەرێکی دیکەی وەکوو مۆسیقا و پزیشکی و دارتاشی و ... تاد بێت.

لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارە لێرەدا بێت کە بۆچی خەڵک لەو شارستانیەتەی ئەمڕۆکەدا زۆر بەدەگمەن نەبێت، گرنگی بە فێربوونی هونەری خۆشەویستی نادەن، سەرەڕای سەرنەکەوتن و شکست هێنانی ئاشکرایان لێی. سەرەڕای ئەوەی خولیای خۆشەویستین، بەڵام هەموو شتێکی دیکەیان وەکوو سەرکەوتن و پارە و پووڵ و پلە و پایە و دەسەڵات لە لایان لە خۆشەویستی گرنگترە! تا ڕادەیەک وای لێ هاتووە هەموو هێز و توانایییەک بۆ ئەو ئامانجانە بەگەڕ دەخرێن، نەک بۆ فێربوونی هونەری خۆشەویستی.

ئایا دەتوانین بەوە ڕازی بین کە تەنیا ئەو شتانە بەهای ئەوەیان هەیە فێریان بین کە ئێمە بە پارە و پووڵ و بە پلە و پایە دەگەیەنن و خۆشەویستی تەنیا بۆ ڕوح سوودبەخشە و بە

**پێـی تێگەیشـتنی ئـەم ڕۆژگارە سـوود و قازانجـی دیکـەی نییـە؟ (٣)**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) وەرگێـڕی عەرەبـی ئـەم کتێبـە (مجاهـد عبدالمنعم مجاهـد) لـە پەراوێزی ئـەم ڕسـتەیەدا نووسـیویەتی ئەریـک فـرۆم گاڵتـە بـە کتێبـی (چـۆن هـاوڕێ بەدەسـت دێنـی و کاریگەریـت لەسـەر خەڵـک دەبێـت) لـە نووسـینی نووسـەری ئەمەریکـی دیـل کارینگـی دەکات. ئەریـک فـروم، (فـن الحـب، بحـث فـي طبيعـة الحـب و إشـكاله، ترجمـة مجاهـد عبدالمنعـم مجاهـد، دار العـودة، بيـروت ٢٠٠٠، ص ١١.

(٢) سـەردەمی حوکمڕانـی شـاژن فکتۆریـا لـە نێـوان سـاڵانی ( ١٨٣٧-١٩٠١) دا. وەرگێـڕی فارسـی.

(٣) لێرەدا نووسـەر کۆتایی بە بەشـی یەکەمی کتێبەکەی دەهێنێت و دەڵێت : (هەرچۆنێک بێت لەبەشـی داهاتووی ئـەم کتێبـەدا باسـی هونـەری خۆشەویسـتی دەکەیـن و یەکـەم جـار باسـی تیـۆری خۆشەویسـتی دەکەیـن، کـە زۆربـەی کتێبەکـە پێـک دەهێنێـت، دووەم جـار باسـی پراکتیکی خۆشەویستی دەکەین، ئەویش شتێکی کەمـە کـە دەتوانرێـت دەربـارەی پراکتیکـی لـەم کایـەدا وەکـوو هەمـوو کایەکانـی دیکـە قسـەی لەسـەر بکرێـت). مـن کاتـی خـۆی هـەر ئـەو بەشـەم لـەو کتێبـە وەرگێـڕا، ئەویـش لـە دەقـە فارسـییەکەی (هنـر عشـق و رزیـدن) وەرگێڕانـی سـعدالله علیـزاده، دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم کتێبـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کوردی و لـە زمانـی فارسـییەوە لـە لایـەن عوسـمان حەسـەن شـاکر وەرگێـڕ (وەرگێـڕی فارسـی پـوری سـلتانی، چـاپ هیجدهـم ١٣٧٦)، سـاڵی ٢٠٠٠، هـەر بەناوونیشـانی (هونـەری خۆشەویسـتی) چاپخانـەی ئۆفسـێتی ژیـن، سـلێمانی ٢٠٠٠، هەروەهـا دوو وەرگێڕانی لـە زمانی عەرەبییەوە بۆ کراوە: یەکیان لـە لایـەن مەحەمـەد وەسمان لـە سـاڵی ٢٠٠٦ چاپخانـەی گەنـج، سـلێمانی. دووەمیـان لـەم دواییـەدا لـە لایـەن ئیسـماعیل ڕاجـی وەرگێـڕدراوە.

**وەرگێڕ**

**سەرچاوە:**

**هنـر عشـق و رزیـدن، اریـک فـروم، ترجمـە: سـعدالله علیـزاده، ابتشـارات گلشـائی، تهـران، چـاپ هفتـم، ١٣٦٩.**